# جاش و ئةنفال
# لة ضةند بةلَطةنامةيةكدا .

**شۆرش حەمەسەعید**

لەم رۆژانەی رابووردودا کتێبێکی برای بەڕێز کاك (لەتیف فاتیح فەرەج)م بەرچاوکەوت بەناوی جاش‌وئـەنفال کتێبەکـە لەکۆمـەڵێك بەڵگەنامـەی بڵاوکراوەکـانی رۆژگـارە رەشـەکانی بـەعس ئامـادەکراوە، بـەش بـەحاڵی خـۆم هەرگیزنامـەویٚ لەهـەوڵی ماندوبوون‌وخەمخۆری‌نوسـەرکەم بکەمـەوە بـەڵکو بەپێچـەوانەوە هەوڵەکـەی بـەرزتر بنـرخێنم لـەوەی کـەپێوەی مانـدووبووە ، ئەگەرچی سەرەرای ماندوبوونێکی زۆریش هیشتا ناتوانی تیشکێکی ئەوتۆ بخاتە سەر تاوانی گـەورەی هیـزی جاش لەکارەساتی ئەنفالـدا،چونکە کـردەی ئـەنفال تـاوانێکی هێنـدە گەورەیـە پیویسـتی بەلێکۆلینەوەوتوێژینـەوەی بەبەرنامە هەیە،لەراستیدا کردەی ئەنفال چەندە بـەعس تییایدا تاوانبارەوئەمرۆش ئەوانە تیایدا تاوانبـاردەبن کە ئەنفالچیەکانی گرتۆتە خۆی، جاش وەك ئـەو دیـاردە دزێـوەی بەتایبـەتی لـە ناوەراسـتی هەشـتاکاندا بـووە روخسـارێکی قیـزەون بـەئاکاری کۆمەڵگـەی کوردییـەوە کـە بـەعس بەبەرنامـە کـاری جـدی لەسـەردەکرد یـان وەك ئەوهێزەی گەورەترین کاریگەری هەبووله تالانی کردنە عادەت،بەلام کتێبەکە وەك بیرخەرەوەیەك لەهەڵویستی نامەردانەی ئەوکەسانەی لەوبەڵگەنامانەدا هاتوون کاریکی گەلێك جدیە بەتایبەتی ئەگەربێت وخوێنەر هەڵوستەیەك لە پەیڤ‌وقسەئاگراویەکانی ئەوکەسانە بکاو بە چاوی خۆی ببینیٚ ئەوانـەی دوێنـیٚ لەبەرانبـەر خـۆین رێـژێکی وەك سـەدام چ پیاوێـك بـوون‌و چۆن خۆیـان لەئاسـتی تاونبـارێکی ئـاوادا هـیچ وپـوچ پێناسـە کردووەوئـەمرۆش چـۆن لافـی کوردایـەتی لێـدەدەن‌وخاوەن دیوەخان‌وکۆمپانیاودۆسـتی نزیکـی سـەرکردە بـەناو شۆرشـگێرەکانی کوردن‌ولەسـایەی حەسـانەی حزبیـەوە بوونـەوە بەکەڵـەگا!! خوێنـەر دەتـوانی لەرێگـەی ئەوبەڵگەنامانەوە ببینیٚ چۆن ئەوکەسانە لە سەروو قسە بێتـام و وێنـە ناشرینەکانی خۆیانـەوە بەخۆشی بوو بێت یان بەخوایشت وێنەیەکی صدامی دیکتاتۆریش دانراوە ،کەچی بەداخـەوە هەر ئەو تاوانبارانە ئەمرۆ لەلای حزبە بەناو شۆرشگێرەکانی کورد!وحکومەتەکانیان ئەگەر پلە دارو خاوەن بریاریش نەبن موعتەبەروخاوەن جێگەو رێگەی تایبەت بەخۆیانن،هەروەها لەپاش راپەرینیش تا ئەمرۆ زۆر بەخراپی رۆڵی کاریگەری خۆیان دەگێرن مەبەستم ئەوەیە بڵێم لەناو ئەوگەلـە جاشـەی رژیمـی بـەعس وەك راویـژکاری عەشـرەت‌وبەهۆیانەوە گەرانـەوە بۆمـەنتقی خێڵ‌ویەکە کۆمەلایەتیەکان دەلالـەتی بۆدواوەگەرانەوەی میژووبوون کەهـەرگیز میژوو نـاتوانی لێیـان ببوریٚ، کەچی بـەرەی کوردستـانی و هەردووحزبـە دەسـەلاتدارەکەی کورد بەشێوەیەکی ترسناکتر لەبەعس گرنگیان بەم لەشکرەی بەعسیەکان دایەوە کـەبۆ ك کورد قران پێکهاتبوون ،

ئەمە لەبری ئەوەی هێزە کوردیەکان کارێکی وابکەن جاش بەگشتی سوود لە لێبوردن وەرگرێ ولە سۆنگەی ئەولێبوردنەوەوە هەندیك لەوانە بەسزای شیاوی خۆیان بگەینێ وبەشێوەیەکی گشتیش پرۆسەی لێبوردنەکە ببێتە دەرسێك تا هەرگیز نەوەی دوای ئەمان بیر لەخیانەتی لەوجۆرەنەکاتەوەوجەماوەری گەلیش فێری لێبوردەیی بکات بەپێچەوانەوە،ئەم تاوانبارانە هەروەك جاران و بەنەفەسی خۆ بە کەلەگازان و دەست رۆیشتوو(بەلام بەسەرشۆری) هاتنەوە مەیدان ،ئەمەش کارێکی وای کردە سەر هەست و هۆشی کۆمەلانی خەلك کەمتمانە لەدەست بدەن و خۆفروشی وەك دیاردەیەکی رۆتین تەماشابکەن و بەشێوەیەك بیروورای وابێتە گۆرێ خەلکی بلێن لەڕاستی‌دا هێزە کوردیەکان تەسلیمی جاش بوونەتەوە نەك ئەمان بەرلێبوردنی هێزی شۆرشگێری کورد کەوتبن! خۆلە ڕاستیشدا پاش کەمێك لێووردبوونەوە هەست دەکەین بۆ چوونێکی لەم جۆرە لەڕاستیەوە نزیکە! دەنا ئەگەروانیە بۆچی دەبێت لەپاش رووخانی بەعسیش ئەوتاوانبارانەی کە دەستی کاریگەریان هەبووە لەجینۆسایدکردن و کردەی قرکردنی ئینسانی کوردوبیسەروشوێن کردنی هەزاران ئینسانی شۆرشگێروهەزاران بەریئو بیتاوان، ئەمرۆ لەبری لێپرسینەوە ریزێیان لێبگیرێ و دەسەلاتی نەگریسیان هەرلەمەیدان بێت !؟ ناوی چی لەو دەسەلاتە بنێین کەلە هێزێکی شۆرگێرەوە بادەداتەوە بۆلۆژیکی دیوە خان وشەرم لەدۆستایەتی گەندەلترین وتاوانبارترین پیاوانی خوێن رێژومشەخۆر ناکەنەوە لە بابەتی موستەشارەکان وکۆنە بەعسیەکان!!دەبێت نهێنی ئەوسیاسەتە بۆگەنە لەچیدابێت قارەمانەکانی دوێنێی خۆی ناچاربکات ببنە هاوسەنگەروهاوپۆست وبگرە خوارتریش لە کۆنە جاشێك؟ سائەگەر دوینێ خەلکی کوردستان ئەوهەلە گەورەیەی لە سیاسیەکی وەك نەوشیروان مستەفا قبولٚ کردبێ کە لەچاوپێکەوتنێکی تەلەفزیونی‌دا ووتی سەرەك عەشایەری کورد شەریفە!! (لێرەدا مەبەستی سەرەك جاشەکان بوو)ئەوا ئەمرۆ بەهیچ پاساویك ئەوە قەبول ناکرێت، چونکە لەڕاستی دا عەشایەری کورد لەمێژووی سیاسی ئەم گەلەدا هەرگیز شەریف نەبووە،چونکە هەمیشە جاش لەنێوەندە عەشایەریەکاندا دروست بووەو هەموو میرنشینەکانی کوردیش هەربە بە دەستی جاشی کوردوعەشایەری کورد لەناوچوون وهەمیشە یەکەم مەفرەزەی جاشیش هەرعەشایەری کورد کردوویەتی‌یەوەوکەس شاهیدی ئەوە نیە یەکەم جاسوس یەکەم سەرەك جاش مامۆستایەك یان پاریزەرێك سایان رۆشنبیرێکی کورد بووبێت، ئەی کەوایە بۆچی دەبێت سەرەك خێلی کورد شەریف بێ وبەسیفەتی شەریفیشی دیوە خانی گەرم بێ و حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستانیش منافەسەی توندوپیشبرکێ یان لەسەر ئیمتیاز بە خشین بێت بەوتاوانبارانە؟ لەڕاستی‌دا ئەم قسەیەی نەوشیروان مستەفا وقسەکەی مەسعودبەرزانیش سەبارەت بەتەحسین شاوەیسی خۆفرۆش کە ووتی تەحسین کوڕی گەورەی بەرزانی

بوو،ئەوپەری سووکایەتی بوون بەکۆمەڵگەی کوردیوجولانەوە سیاسیەکەیوبەکەسو کاری شەهیدانو قوربانیانی ئەنفالو رۆشنبیرانی کورد ئیترنازانم ئەوهەموو کادیروسەرکردە شۆرشگێرە چۆنوبەچ لۆژیکێك ئەوقسانە لەسەرکردەکانیان قبولْ دەکەن کاتێك دەبینن جاشێك لەوان موعتەبەرترە یان هیچ نەبێت هاوشانی خەباتی ئەوان تەماشا دەکرێت.

ئەگەر حزبی کوردی دوینێ بەپاساوی سیاسی ومانەوەی رژێمی بەعس دەرگای بۆئەم تاوانبارانە خسبووە سەرگازی پشت تاخراپەکاری نەکەن؟ ئەمرۆ بەپاساوی چی؟!ئەگەردوێنێ بەپاساوی ئەوەی حکومەتەکەمان ساوایە،ئەمرۆ بەپاساوی چی ؟ئەگەردوێنێ بەخاتری دۆزینەوەی چارەنوسی ئەنفالەکان بوو ئەمرۆ بەپاساوی چی؟! ئەم پیاوانە بەبێ پشتیوانی بەعس ئەگەربڕن بەئاگریش کوێ دەسووتێنن؟باشتروایە بلێین کوێ ماوە بیسووتێنن؟ئەگەر حزبی کوردی نیازێکی هاوشێوەی بەعسی نیە لە حوکمڕانیدا دەبێت چ کارێکی بەم جۆرە کەسانە هەبێت؟دەبێت ئەگەردەوڵەتی کورد لەشکرێك نەخوێندەواروو مشەخۆری مشکی بەسەری تاونباری لەخۆی دورخستەوە کام تەختیتی ئابوری پەکی بکەویٚوکام پرۆژەی بنیاد نانەوە لەسەر داهێنانوئیبداعی ئەمان تووشی ئیفلیجی ببێت؟ بەلام کارەساتەکەلەوەدایە دوێنێ ئەمان بۆدەستکەوتی مادیوکۆکردنەوەیسەرمایە هەربەدۆڕاندنی کەرامەتی خۆیان نەوەستان،بەڵکو پرۆژەی دۆران وکوشتنوقڕکردنی میللەتێکیشیان جێبەجێ کرد ئەمانە ئەگەرلە قسەوپەیڤەکانیان وردبینەوە کە بۆ سەرۆکی دڕندەیان کردووە یان بەوپەری زەلیلیوهەستکردن بەهیچ لەبارانەبوویی خۆیانەوە بۆ بلاوکراوەکانی سەدام دواون، زۆرباش تێدەگەین هێندە زەلیلوتێکشکاون مەحاڵە هیچ خێرێك بۆکۆمەڵگە بدەنەوە،ئەگەرچی هەندێك لەوتاوانبارانە بەهیچ پێوانەیەکی مرۆڤایەتی هەقی لێبوردنیان نیەوناشێت لێبوردن بیانگرێتەوە،بەلاٚم لەکوێ ئێنسانی دۆراووکەرامەت لەدەست چوو دەخرێتە شوینی بریاروئیدارەی کۆمەڵگەی دەخرێتە ئەستۆو داهاتی کۆمەڵی دەخرێتە بەردەست کوردگووتەنی چۆن بەزەکە بەپشیلەکە دەسپێردرێت.